پلاسخارت: زیادبوونی هەرشەکان لە ناوەوە و دەرەوە کاریگەری دەبێت لەسەر سەقامگیری عێراق

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق لە پەیامەکدا ئاماژە بەوە دەکات، زیادبوونی هەرشەکان لە ناوەوە و دەرەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر سەقامگیری عێراق.

ئەمە شەممە (20ی کانوونی دووەمی 2024)، جینین پلاسخارت، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق لە پەیامەکدا ئاماژەی بەوە کردووە، ڕژهەڵاتی ناوەڕاست بە کاتەکدا تەپەدەبێت کە ململانێکان لە غەززە چربوونەتەوە و لە شوێنەکانی دیکەش کردەی چەکداری هەڕەشەی ئاگرەکی گەورە دەکەن.

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەڵێت: عێراق لەژێر مەترسی ئەوەدایە زیاتر بکەشرێتە ناو ئەم ململانێیەوە، سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەت بە ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی گرژییەکان، کەچی هەرشە بەردەوامەکان کە لە ناوەوە و دەرەوەی سنوورەکانی عێراقەوە سەرچاوە دەگرن، دەبنە هۆی پووچەڵکردنەوەی سەقامگیری ئەم وڵاتە و دەستکەوتەکانی ساڵانی ڕابردوو کە زۆر بە سەختی بەدەستهێندراون.

جینین پلاسخارت لە پەیامەکەدا ئاماژە بەوە دەکات، هەموو هەوڵەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان جەخت لەسەر کەتاییهێنان بە ململانێی غەززە و دووركەوتنە لە بەاوبوونەوەی ئەو ململانێیەی لە ناوچەکەدا هەیە دەکاتەوە، دەشڵێت: سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان چەندین جار داوای ئاگربەستی مرۆیی بەپەلەی لە غەززە، لەگەڵ گەیاندنی فریاگوزاریی بەردەوام و رەزگرتنی تەواو لە یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش پاراستنی خەڵکی سڤیل و ئازادکردنی بە مەرجی سەرجەم بارمتەکان، کردووە.

پلاسخارت دەڵێت: سەقامگیریی و ئاسایشی عێراق لە هەموو پێوەندییەکانماندا لە کارە لە پێشینە و گرنگەکانە، بانگەوازی خەمان بە هەموو لایەک دووپات دەکەینەوە کە پێویستە ئەوپەڕی دانبەخۆداگرتن پەیڕەو بکەن